کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:27 4-6-2007

## تاوانێکی گەورەتر لە (دوعا) .. ئەی ئەمجارە کێ بەرپرسیارە، جەنابی مافی مرۆڤ؟ ... شادۆ ڕواندوزی

چەند ڕۆژێك لەمەوبەر لەبەردەم وەزارەتی مافی مرۆڤ نەوەك تەنها مافی مرۆڤ پێشێل کرا، بەڵکو تاوانێکی گەورەو زۆر گەورەتر لەتاوانەکەی دوعا ئەنجامدرا، بەرپرسی لایەنێکی سیاسی کەناوی (ف. ق) ئامر فەوجی پێشمەرگەیە ساڵی پار دووجار دەچێتە خوازبێنی کچێکی دراوسێیان، بەڵام چونکە بەرپرسەکە خاوەن دوو ژنی ترە کچەکەی خۆیانی نادەنێ و داوایەکەی ڕەت دەکەنەوە، جا بێگومان ئەو جۆرە بەرپرسە چەکدارانە کە بەهیچ شێوەیەك ڕۆژێك لە ڕۆژان لە ترسی چەکەکانیان داواکانیان ڕەت نەکراوەتەوەو لە غەیری مەنتیقی چەك شتێکی تر نازانن، چەند ڕۆژێك لەمەوبەر بۆ ئەوەی کچە دراوسێکە ببێتە هی خۆی لە پلانێکی گڵاویدا لەبەردەم وەزارەتی مافی مرۆڤ کچەکەی خۆی دایە بەرگوللە و کوشتی، بەپێی گوتەی هەندێ کەسی نزیك لە بنەماڵەی کچەکە پێش ئەوەی گوللە باران بکرێت پێڵاوی باوکی ماچ کردووەو پێی ڕاگەیاندووە کە هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ کوڕە دراوسێکەیان نییە کە دەبێتە برای ئەو کچەی باوکی داوای دەکات، بەڵام باوکی کچە بۆ ئەوەی بەهانەی ئەوەی بەدەستەوە بێت کە کوڕی دراوسێکەیان پەیوەندی لەگەڵ کچەکەی هەیە و لەم ڕێگایەوە کچە دراوسێکەیان ببێتە هی خۆی نەفرمێسکی کچەکەی و نەهەستی مرۆیی دەیجولێنێ و کاری تیرۆرکردنی کچەکەی ئەنجامداو داواشی لە دراوسێکەیان ئەوەیە لەبەرامبەر کچە بێ تاوانەکەی خۆی سێ دەفتەر دۆلاری بدەنێ و کچەکەی خۆشیان لێ مارەبکەن. ئەگینا کوڕی دراوسێکەیان دەکوژێت. ئالێرەدا لەبەردەم ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە مرۆییە چەند پرسیارێك دێنە ئاراوە ئەویش ئاخۆ دەشێ کەسێك لەپێناو تێرکردنی غەریزەیەکی تایبەتی خۆی کچی خۆی تیرۆر بکات و سەرکردایەتی فەوجێکی پێشمەرگە بکات و دوارۆژی نەتەوەکەمانی بخرێتە ئەستۆ؟ ئایا مرۆڤێك بتوانێ بەبێ هیچ تاوانێك کچی خۆی بکوژێ تۆ بڵێ بۆ دۆزی ئەو نەتەوەیە و ئەو فەوجەی سەرکردایەتی دەکات وەفاداربێت؟ وەزارەتێك کە ئەرکی سەرشانی ئەو پاراستنی مافی مرۆڤ بێت لەبەر دەمیا تاوانێکی لەم جۆرە ئەنجام بدرێت دەبێ بێدەنگیەکەی مانای چی بێ؟ تەنها لەبەر ئەوەی جەنابی وەزیر لەسەر لیستی ئەو تیرۆرستە کراوەتە وەزیر و مافی ئەوەی نییە ئەندامانی حزبەکەی لەسەر تاوانێکی ئەوها ڕیسوا بکات؟، ئایا داواکاری تاوانبار لەدراوسێکەیان هیچ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ داواکانی ئەو تیرۆرستانەی خەڵك دەرفێنن لەکافرکاران و پاشماوەی بەعسیەکان، بۆ ئەوەی چەند پولێك وەربگرن؟ باشە ئەوا گریمان جەنابی وەزیر خەمی کورسیەکەی خۆیەتی و نایەوێت بەئاسانی بیدۆڕێنێ ئەی بۆچی لایەنە سیاسیەکە لەم ئەندامەی خۆی بێدەنگە، خۆ خوانەخواستە لەم تاوانبارە ناترسێ؟. دەبێ گوناهی دراوسێکەیان چی بێ کە تاوانبارێکی ئەوها ئەشقی کچەکەیان بووە، دەبێ گوناهی کوڕی دراوسێکە چی بێت لەبەرئەوەی خوشکەکەی جوانە و دەبێ بکەوێتە ژێر هەڕەشەی کوشتن، لەکۆتاییا دەمەوێ‌بڵێم ئەگەر (ف. ك) تاوانێکی مرۆیی گەورەی ئەنجامداوە، لە تاوانی ئەو گەورەتر بێدەنگییە لەتاوانەکەی، حەزم دەکرد دەقێکی یاسایی بەبیر وەزیری مافی مرۆڤ و لایەنە سیاسیەکەی ئەو تیرۆرستە بهێنمەوە ئەویش ئەوەیە، شاردنەوەی تاونێك خۆی لە خۆیدا تاوانە. ئەگەر بێدەنگیتان لێ کرد ئێوەش وەك ئەو ئامیر فەوجە تاوانبارن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.